# رۆچونێك بەرەو ئەشكەوتە تاریكەكانی روح

پێشكەشە بە شاعیری دووره ولآت ( مەهدی سالآح مەجید )

حوسێن ئیسماعیل خان دەلۆ



ئێمە بەجێماوی یەكێك لە كۆچ و كۆچبارەكانی دوای حەزرەتی نوحین / ئێمە پاشماوەی هەزاران شەڕین كە لە هابیل و قابیلەوە دەستی پێ كردو تاكو ئێستاش هەر بەردەوامە ، هەزاران گلگامشمان بەڕێخست تاكو ئەمڕۆ هەر پاشماوەین / كە مندالٚ بووین خەونمان دەبینی خەونی سەوز كە گەورە بووین هیواكانمان لە دلٚدا مردن و شین و فوغانمان بۆ گێڕا / كە پرسەی هیواكانمان تەواو بوو هێشتا شیلەی ئۆخژنی حەزەكانمان تاسوقیان نەشكاندبوو / بەهار هات و رۆیشت گوڵەكان بەسەر لاسكەكەیانەوە سیس بوون و هەڵوەرین و نێرگسەكان دەیانزانی چەپك چەپك بۆ سەر مێزی گەورەكانن و نادرێن لە بەرۆكی شۆخوشەنگەكان بۆیە مانیان گرت و نەهاتنە ژوان / ئەسەف كاتەكانمان بە هەدەر چوو / لە بێدەنگیدا زۆر یەكمان خوێندەوە لە ڕازی چیرۆكی بەسەرهاتی پڕ لە چەرمەسەری یەكتر حالٚی نەبووین / زەمەن كاتەكانی خۆی لولدا تاكو گەیشتە رۆخی سەفەربەلكێكی تر / ئەم دەڤەرە بەخوێن سیخناخە ، لە مەملەكەتی خوێندا خامەكان كول بوون وەكو سەردەمە بەردینەكان / عەیامێكە یاساكانی دارستان بوونەتە هەوێن بۆ رێساكانی ژیان / رۆژانێك بوو هەنگاوەكانمان كۆ كردەوە لە دوو ریانی مالٚئاوایدا دوو تنۆك فرمێسكمان داباراند و ئاوی چاومان لە چاوەڕوانیدا جۆگەلەی لە روومەتماندا بەست / شەوە تاریك و نوتكەكان هەر دوایان نەهات چەندین جار ئەستێرەی كاروان كوژەمالٚئاوای لێكردین و سەر لە نوێ شەوە زەنگ دەستی پێكردەوە/ داد لە دەست چارەنووسی ( بەد ) وا خۆمان بە قەدەر سپارد گالیسكەوانەكەمان ( بەخت) بوو بۆ كوێمان دەبات خۆی سەرپشكە/ ناچار بووین نیشتمانەكەمان لە كۆڵە پشتێیەكدا گرێدا و بەرەو هەوارێكی نادیار بە رێكەوتین سەفەرمان لە چوار شەممە سورەیەكی مانگی سەفەردا بوو رێگاكەی هات و نەهات بوو / وەكو مەلۆتكە كەم فام بووین و چاوساغەكانمان هەمیشە خومار بوون / بووینە مرۆڤێكی حەرامزادە و بێ ناسنامە و لەلای خەڵك قیزەوون بووین و خۆمانیش خۆمان لە پێش چاو كەووت / ئای چ عومرێكمان خەسار كرد و تەمەن چۆن گۆڕەوشاری داین ، هەر تەشقەڵمان بە بەختی خۆمان دەكرد و بۆ تەنیا جارێكیش یارمان نەبوو / بزر بووین و لە خۆمان دەگەڕاین و هەموو كوچەكانی شارمان تەی كرد تاكو شەكەت بووین هەر خۆمان نەدۆزیەوە و كەس گوێی بۆ راز و بەسەرهاتمان شل نەكرد / لە وێستگەی دووڕیانێكی چاوەڕوانیدا ئێشكگری لە دایك بوونی كات بووین چركە چركە لە مردنی هەریەكێكیاندا ئەوی تر لە دایك دەبوو/ تاسەی دووری ئێسك و پروسكی پواندین هەر خۆمان دەخۆینەوە تا سەر مۆرخ و ئێسك / پەڕینەوەمان لە پردی سیراتەوە بە نیازی بەهەشت بوو ئەگەر دۆزەخێكی تر نەكاتە هەوار و مەنزڵمان ، ئەم هاتنەمان گلان بوو بووینە بەردەبازی دەبەنگ و حەشاشە بەدرۆ خەڵوەتكێشەكان ، ئاخ چ سحرێكە وا ئەم مەینەتیە بووە بەشمان / هەناسەمان سكالآی

**دەروونمانی تێکەڵ بە ( با ) کرد ، ئەو (با)یەی کە لە شەوە رچیوەکاندا پەیامی مەرگمانی پێبوو ، گڤەی هەڕەشەی لە بوونمان دەکرد / روخسارەکانی ئێرە وەکو لای خۆمان تاڵن و هەراسانیان کردین ، ئیتر حەوسەڵەمان نەما دەبابگەڕینەوە خوین بکەینە مەرەکەب بۆ خامەکانمان و بەرخودان بکەینە وانە و سەرمەشق بۆ ژیان ، پەنجەکانمان بۆ ئەوەیە ووشەی جوان وەك ((گوڵ))ی پێ بڕوێنین ، کاتەکانیش بۆ ئەوە بێ ئێشکی بیری نەزاوی ناو منداڵدانی سبەینێی پێ بگرین ، گەردانەیەك لە ملی ئەو قەڵمانە بکەین کە لە ئاستی ناحەق دەڵێت لەل و ژانی بیری ئازاد دەیانگرێ ، دەبا خۆڕاگربین خۆ ئەم چەرخوفەلەکە هەزاران نادر شا و کەیکاوسی بەرێخست ،..........**